# یەکەم چالاکی کوردان پاش ٣٥ ساڵ لە دەسەڵاتی ڕەشی بەعس لە شاری لە بەغدا بۆ چارەنوسی بێ سەرو شوێنان و دادگایی تاوانباران

نوێنەرایەتی ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد_چاك_بە بەژداری ئەندامان و دۆستانی ناوەندو و نوسەران و هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی ئازادی خوازو نیشتمان پەروەرو کەس و کاری قوربانیانی گەلەکەمان کۆبونەوەیەکی جەماوەری ڕێك دەخات. لە ژێر دروشمی چارەنوسی کەس وکارە بێ سەرو شوێنەکانمان دەوێت و تاوانباران دەبێت دادگایی بکرێن. سەرباری کۆمەڵێك چالاکی هونەری و ڕۆشنبیری هەمەڕەنگ. بەیاننامەو بڵاوکراوەی زۆر بە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی بڵاودەکرێتەوە و دەیان لافیتەش ئامادەکراوە. لە هەمان کاتدا بیرخەرەوە پێشکەش بە لایەنە بەرپرسەکان دەکرێت تیایدا داوای

١–دیاری کردنی چارەنوسی بێ سەرو شوێنەکان دەکرێت.

٢–دادگایی کردنی تاوانبارانی هەڵەبجەو ئەنفال و تەواوی ئوتاوانە کۆمەڵکوژیانەی بە رامبەر بە کورد و مرۆڤایەتی ئەنجام دراوە.

٣–دادگایی کردنی ئەو کۆمپانیاییانەی کە چەکی بە کۆمەڵ کوژیان داوە بە عێراق.

٤–ڕۆژی ١٦–٣ بکرێت بە ڕۆژی دژ بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە جیهاندا.

کات و شوێنی خۆپیشاندانەکە

شوێن گۆڕەپانی فیردەوس بەردەم فندق فەلەستین شاری بەغدا

کات *٨–٥–٢٠٠٣ سەعات ٢ ی پاش نیوەڕۆ*

بۆ پەیوەندی زیاتر ناو کوردستان ٠٦١٧٦٠١٥٧٢ دەرەوەی وڵات ٠٠٤٤٧٠٢٨٦٤١٥٧٢ یان /http://www. chak. info

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی کورد–چاك_